Women,s Freedom Organization of Kurdistan - NINA

ریکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان- نینا

کار بەدەستانی دەوڵەتی لە سنە، ڕێگایان بە بەڕێوەچوونی
هیچ چەشنە ڕێوڕەسمێکی 8 مارس نەدا

ڕۆژی پێنجشەممە 8ی مارسی 2007، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سنە ڕێگایان لە بەڕێوەبردنی هەر چەشنە ڕێوڕەسم و کۆبوونەیەکی ڕێزگرتن لە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن گرت. پێشتر ژمارەیەک لە "NJO"کانی ئەو شارە، مۆڵەتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکیان بەو بۆنەیەوە، لە پارێزگار وەرگرتبوو. بەڵام هێزەکانی ڕێژیم ڕێیان لە بەڕێوەچوونی گرت.

لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنی سنە، کە حەولیاندا ڕێپێوانێکی هێمنانە لە سێ ڕێیانی ئەدەبەوە تا مەیدانی ئیقباڵ بەڕێوە بەرن کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم و ژمارەیەکیان دەسگیر و ڕەوانەی زیندان کران.

ناوی ژمارەیەک لە گیراوەکان بریتین لە:

1- پەیمان نیعمەتی
2- ژینا مودەڕس گورجی
3- وریا موتەدەین
4- ئاسۆ ساڵح
5- سەلاح زەمانی
6- ئیحسان ئەحمەدی
7 ئەلیاس کەریمی

ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان – نینا
18 ڕەشەمەی 2706
9 مارسی 2007

www.ninaazadi.com
Email: azadi.jinan@gmail.com - ninaazadi.europa@betuwe.net
Mobil: 009647504472889 - 009647301198060